# مەترسی ( ئینفلەوەنزەی بەراز ) لەسەر جیهان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**ئامادەکردنی:** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( خطر انفلونزا الخنازير على العالم )

« باللغة الكوردية »

إعداد: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# مەترسی ( ئینفلەوەنزەی بەراز ) لەسەر جیهان

پێشەکی:

خوای گەورەدەفەرمویێت:{ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ } (فصلت:٥٣) .

واتە: ئێمەلەئایندەدا بەڵگەو نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لەئاسۆکانی بوونەوەرداو لەخودی خۆیشیاندا (بێگومان ئاشکرایەکەلەسەردەمی زانستیدا چەندەنهێنیەکانی بوونەوەر ئاشکرا بووە.. زاناکان بەگشتی و زاناکانی ئەستێرەناسی سەرگەردانن لەوردەکاری و دامەزراوی و گەورەیی و فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لەئالۆزی جەستەیی و عەقڵیی و دەروونی ئادەروونی ئادەمیزاد)، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاک بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کەئەو زاتە حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیەکەبێگومان ئاگا و زانایەبەهەموو شتێک؟

خوێنەری بەڕێز : ئەم جیهانەهەر جارێک ئەناڵێنێت بەجۆرەها کارەسات و کێشەونەخۆشی، وەلەو نەخۆشیانەی کەتا ئێستا چارەسەری نیەبریتیەلەنەخۆشی ( ئەیدز ) ئەویش بەهۆی ( زینا ) کردن وداوین پیسیەوەیە...

ئەوەتا جیهان جارێکی تر پێش ئەوەی رزگاری ببێت لەکێشەی ئابوری کەوا بەهۆی ( ریبا - سوو ) وەتوشی بوە، دەچێتەناو کێشەیەکی ترەوە کە ترسناکترە لە کێشە ئابوریەکە، ئەویش بەهۆی ( بەرازەوەیە)...

ئینفلەوەنزەی بەراز ( انفلونزا الخنزير ) وەکو ئینفلەوەنزەی باڵندە ( انفلوزا الطيور ) نیە، چونکەئەم نەخۆشیەیە هەر بەنزیک بوونەوە لەبەرازەکەوە لەڕێگەی هەواوە دەگوێزرێتەوە، وەلەمە ترسناک تر ئەوەیەئەو فەیرۆسە جێگەگۆڕین دەکات لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤێکی تر، وەئەم حاڵەتە رووی نەداوە لە ئینفلەوەنزەی باڵندە ( انفلونزا الطيور ) .

ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی جیهان حاڵەتی نائاساییان ڕاگەیاندوە، لەبەر ئەوەی بەرازەکان بونەتە هۆی کوشتنی چەندەها خەڵک لەوەڵاتی مەکسیک، وە چەندەهای تریش لەحاڵەتی مەترسیدان لەوڵاتانی ئەمەریکا و بەریتانیا و نویلەندا ...

وەئەمە یەکەم جار نیە کەوا ئەم حەیوانەپیسە( النجس ) دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، بەڵکو ئەگەر تەماشای مێژوو بکەیت بۆت دەردەکەوێت کەوا ئەم حەیوانەسەرچاوەی نەخۆشیە، وەهەر کاتێک مرۆڤ هەوڵی دابێت بۆ بنبرکردنی جۆرێک لەنەخۆشیەکانی،دوچاری نەخۆشیێکی تری دەبێتەوە...

ممکینە هەندێک لەخەڵکی نەفام ونەزانی میللەتەکەمان بڵێن: بەراز هیچ پەیوەندێکی نیەبەم نەخۆشیانەوە، لەبەر ئەوەی لەپێش ئەم نەخۆشیەوە مانگا و باڵندەکان توش بوونە، بەڵام ئەم گیلە خەڵکانە نازانن کەوا جیاوازی هەیەلەنێوان نەخۆشیەکانی بەرازەوەلەگەڵ ئەوانی تر لەرووی پزیشکیەوە، هەروەهائەو جۆرەکەسانە نازانن کەوا شەریعەتی ئیسلامی ئەو حەیوانانەی قەدەغەکردوە کەوا خواردنەکەیان بریتیە لەخواردنی پیس ومرداربووەکان!

خوێنەری ئازیزم : لەپاش ئەم پێشەکیە پێم خۆشە باسی حرام بوونی گوشتی بەرازتان بۆ بکەن لە قورئانی پیرۆز ومەترسیشی لەسەر تەندروستی مرۆڤ :

پێش هەموو شتێک دەبێت موسڵمان گوێرایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بێت ودوور بکەوێتەوەلەقەدەغەکراوەکانی، ئەگەر حیکمەتی خوای گەورەبەدی بکرێت لەوفەرمانانەیان دەرنەکەوێت، خوای گەورە دەفەرمێت: { إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ } (النور:٥١) .

واتە: بەڵام گوفتاری ئیمانداران کاتێک بانگ دەکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی تا فەرمانڕەوایی بکات لەنێوانیاندا تەنها ئەوەیەکەدەڵێن: بیستمان و گوێڕایەڵین بۆ هەموو فەرمانێکی شەرع، هەر ئا ئەوانەشن سەر فرازو سەرکەوتوو.

وە دەبینین فەرمانی خوای گەورەچۆنەدەربارەی قەدەغەکردنی مەی خواردنەوە، کەدەفەرموێت :{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} (المائدة:٩٠) واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەدڵنیابن کەعەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کەخەڵک بەپیرۆزی داناوەنەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ

زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوەئەمانەهەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتەئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لەهەردوو جیهاندا).

هەروەها دەفەرموێت :{ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلا تَقْرَبُوهَا } (البقرة: من الآية١٨٧) .

واتە: ئەمانەسنوورانی خودان و نزیکیان مەکەونەوە.

**حەرامی گوشتی بەراز لەقورئانی پیرۆز:**

خوای گەورەدەفەرموێت:{ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلا عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ} البقرة:١٧٣.

واتە: (خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو ماڵاتانەی کەناوی غەیری خوایان لەکاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی کردووەلێتان، جا ئەگەر کەسێک پێویستی ناچاری کرد بەخواردنیان بێ زیادەڕەوی و لەسنوور دەرچوون، ئەوەهیچ گوناهێکی لەسەرنی یە، بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبوو بەبەزەیی و دلۆڤانە.

وەخوای گەورەدەفەرموێت: {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ...} المائدة ٣ .

واتە: لەسەرتان حەرام کراوەخواردنی گۆشتی مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز ...

وەخوای گەورەدەفەرموێت:{ قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ} الأنعام ١٤٥ .

واتە: (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پییان بڵێ: من نابینم و دەستم ناکەوێت لەوەی کەوەحی و نیگام بۆ کراوەهیچ خواردنێکی حەرامکراو لەسەر ئەو کەسەی کەبیخوات، مەگەر خواردنی مردارەوەبوو، یان خوێنێکی ڕژێنراو، یان گۆشتی بەراز، بەڕاستی ئەو قەدەغەکراوەهەر پیسە، یاخود (ماڵاتێک) کەلەسنووری شەرع دەرچووبێت لەسەر بڕینەکەیدا بەوەی کەناوی غەیری خوای لەسەر برابێت، جا کەسێک ئەگەر ناچارکرا (بەهۆی گرانی یان زۆر لێکردن) لەکاتێکدا داواکارو دەرچوو نەبێت و بەردەوام

نەبێت و دووبارەی نەکاتەوە، ئەوەبەڕاستی پەروەردگاری تۆ لێخۆشبوو میهرەبانە(بۆ بڕاوادارانی ناچار).

**مەترسی گوشتی بەراز لە سەر تەندروستی مرۆڤ:**

بەڕێزعمر علی کریم لەم بارەیەوە دەڵێت:(( هەندێ لەلێکۆڵ ی نەوەکانی ڕۆژهەڵات پیشانیان داوە کە خواردنی گۆشتی بەراز لەلایەن مرۆڤەوە وای لێ دەکات کە هەڵسوکەوتیشی وەربگرێت.

زانایان سەلماندوویانەکە گۆشتی بەراز کرم و نەخۆشی تێدایە، کەلەئەو ئاژەڵەکانی تردا نییە. زیانبەخشەبۆ تەندروستیی مرۆڤ و سروشتی ئەم ئاژەڵەپاک نییە،ئەگەرچی لەژینگەیەکی پاکیش بێت. ئەم ئاژەڵە لەناو پیسای خۆی یاری دەکات و تەنانەت دەشیخواتەوە؛ بۆیەڕێژەی ئەنتی بۆدی (دژە میکرۆب) لەلەشی زۆرترەلەو گیانلەبەرەکان. ڕێژەی هۆرمۆنی گەورەبوونیشی لەهەموو گیانلەبەرێک زۆرترەتەنانەت لەمرۆڤیش. ئەمانەش دەگوازرێنەوە و لەماسوولکەکانیان کۆ دەبنەوە. هەروەها ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و چەوری زۆر بەرزە(کۆلیسترۆ ڵ ی نزیکەی (١٥) جار زۆرترەلەگۆشتی مانگا). زانایان سەلماندوویانەکەزۆریی ئەنتیبۆدی و هۆرمۆن و کۆلیسترۆل و چەوری هەڕەشەدەکات لەتەندروستیی مرۆڤ. هەبوونی ئەمانەئەبێتە هۆی زیادبوونی کێش و ناڵاندن لەدەستی ناڕێکیی گەورە بوون (بەهۆی هۆرمۆنەزۆرەکە). ماددەیەکی زیانبەخشی تر لەگۆشتی بەرازدا کرمی ( ترایکاینا trichina ) یە. زۆرجار ئەم کرمەلەبەرازدا هەیە کە دەگوازرێتەوە بۆ لەشی مرۆڤ؛ لەماسوولکەکانی دڵدا ڕاگیر دەبێت و دەبێتەهۆی مردن. هەرچەند ئێستا تەکنۆلۆجیا دەتوانێ بیدۆزێتەوە لەگۆشتی بەرازدا، بەڵام لەسەدەکانی ڕابوردوودا هیچ شێوازێکی وا بۆ دۆزینەوەیان نەزانرابوو.هەروەها کرمی تەیپ (tapeworm) کەلەشێوەی شریتەچەند مەترێک درێژە، لەڕیخۆڵەی بەرازەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕیخۆڵەی مرۆڤ. ئەم کرمە لیک ئەکات بۆ ناو بۆری خوێن و لەیەکێک بۆئەندامەکان وەک دڵ و جگەر و چاو دەگوازرێتەوە. لەمێشک کەخۆشترین شوێنی ئەم کرمەیەتووشی نەخۆشیی گەشکە خۆگرتن (نەخۆشییەکی دەمارییە بە هێرشی گرژی) دەکات. بەڵام ئەم کرمەکەلەبەرازدا دەگوێزرێتەوە توانای گواستنەوەی نییە لەخوێندا. وەهەروەها ئەم کرمەلەگۆشتی مانگاشدا هەیە)).

لەپاش ئەوەی زانیمان کەوا خوا گەورە خواردنی گوشتی بەرازی حەرام کردوە، وەلەرووی پزیشکیشەوە بۆمان دەرکەوت کەوا زیان بەخشە بەو مرۆڤانەی کەدەیخۆن، وەئێستاش مەترسیەکەی بڵاو

بوەتەوە لەهەندێک وڵاتانی جیهاندا ، کاتی ئەوە هاتوە ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار وشەریعەتەکەی پەیڕەو بکەن لەهەموو بوارەکانی ژیانیاندا، خوای گەورەدەفەرموێت: { الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلامَ دِيناً } (المائدة: من الآية٣) .

واتە: ئەمڕۆ ئایینەکەتانم تەواو ( کامڵ ) کردوەبۆتان وچاکەو بەهرەی خۆم بەتەواوی رشتوەبەسەرتاندا ورازی بووم کەئیسلام ئایینتان بێت.

وەنابێت گوێ بدرێتەئەو علمانیانەی میللەتەکەمان کەوا دەڵێن شەریعەتی ئیسلامی بەکەڵک ئەم کات و زەمانەنایێت... بەڕاستی ئەو جۆرەکەسانەگێل ونەفامن ئەگەر چیش خاوەن بڕوانامەی بەرزیش بن، چونکەگومانی تێیدا نیەکەوا علمانیەت بریتیەلەوێنەیەکی پیسی جاهیلیەت، خوای گەورەدەفەرموێت: { أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْماً لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ } (المائدة:٥٠) .

واتە: ئایا ئەوان داوای حوکمی نەفامی دەکەن؟ ئایا کێ حوکم و بڕیاری لەهی خوا جوان و چاکترە؟ لای کەسانێک کەبڕوای تەواویان هەیە.

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەبمانپارێزێت لەهەموو نەخۆشێکی خراپ و ئەو کەسانەش هیدایەت بدات کەوا توشی خواردنی گۆشتی بەراز بوونەلەمیللەتەکەمان.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوەکان :

١-پوختەی تەفسیری قورئان: مەلا محمد مەلا صالح.

٢-تەفسیری ئاسان: بورهان محمد امین.

٣-حەرامی گۆشتی بەراز: عمر علی کریم، سایتی دەریای نوور.

٤ – حرب الخنازير: شێخ نبيل العوضی، سایتی رۆژنامەی (الوطن) کویتی .

٥- الإعجاز العلمي في كارثة انفلونزا الخنازير : کۆمەڵەزانا و دکتۆری پسپۆر، رۆژنامەی (الراية القطريّة ).